# بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، ڕەمزی مەدەنییەت!

سالار ڕەشید
salarrasheed@yahoo.com

لە میانەی کێشمەکێشی نێوان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا، یەکێک لەو خالانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی پێ تاوانبار کراوە، وە بە ڕۆشنی ئاماژەی بۆ کراوە، هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستە لەبەرامبەر مەسەلەی ژناندا، کە تیایدا هاتووە و ئەڵێت، نامیلکەیەکیان بڵاوکردۆتەوە، تیایدا باسی بەرابەری ژن و پیاو ئەکات، کە ئەمە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردستان نایەتەوە و پێچەوانەیە لەگەڵ دەستووردا، چونکە ئیسلام ئایینی ڕەسمی دەوڵەتە و کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی ئیسلامییە!

ئەبێ لەسەرەتادا ئەوەبڵێین کە ئەم جۆرە قسانە، بەتەنها قسەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نییە. ئەمانە قسەی ئاخوند و دەسەڵاتدارانی جمهوری ئیسلامی و بزووتنەوە ئیسلامییەکان و توێژ و ئەقشاری سەر بە بەرەی کۆنەپەرستییە لە کوردستاندا، کە یەکێتی نیشتیمانی بە نوێنەرایەتی گشت لایەکیان هاتۆتە مەیدان و قسەی هەموویان ئەکات. بەشێوەیەکی تر بڵێین: لەم برگە مێژووییەی کۆمەڵگەی کوردستان و لە ململانێی نێوان بەرەی کۆنەپارێز و دژی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و بەرەی پێشکەوتنخواز و مودافیع لە مافە ئینسانییەکانی ژنان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان نوێنەرایەتی یەکەمیان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق نوێنەرایەتی دووەمیان ئەکات.

پاشان با ئەو پرسیارە بکەین، کە چۆنە وا نەک هەر یەکێتی نیشتیمانی، بەڵکوو دەوڵەتێکی ئیقلیمی وەکوو جمهوری ئیسلامی هاواری لە حیزبێک هەستاوە، کە ژمارەی دەنگەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا، بە قەولی خۆیان کەمترە لە ژمارەی دەنگی بنەماڵەیەکی سەر بە خۆیان!

هەر لە مێژەوە وتراوە کە هەرکاتێک دوژمنەکەت باسی کردیت، نیشانەی کاریگەری و بەهێزیتە. بەڵێ، ئەو قسانەی یەکێتی بۆ حیزبی کۆمۆنیستی ئەکات، ئەگەر یەک تۆزقاڵ ڕاستی تێدا بووایە، ئەبوو ناوی حیزبی کۆمۆنیست نەک لە ئاستی باڵای حیزبەکەیان و لە ئاستی دنیادا، بەڵکوو لە هیچ کۆبوونەوەیەکیاندا باسی هەر نەهاتبایە.

بەڵام دیارە ئەم نیگەرانییە زۆرەی یەکێتی و دۆستانی ئیسلامییان، ئەم هەڵوێستە توند و جیددییەیان، بەتەواوی پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەیە و دەری ئەخات کە ئەوان بۆخۆشیان، نە حیزبی خۆیان بە خاوەن ئەو دەنگانە ئەزانن، نە ئەو دەنگانەش بە دەنگی حیزبی کۆمۆنیست ئەزانن.

هەروەکوو وتمان یەکێتی نیگەرانی خۆی لە دەرکردنی نامیلکەیەک دەرئەبڕێت، کە ئەلتەرناتیڤی قانوونەکانی ئەحوالی شەخسی عێراقییە! بەڵام دیارە ئەگەر مەسەلەکە مەحدود بێتەوە بە نامیلکەیەک، ئەوا هیچ جێگەی بایەخ و نیگەرانی نییە! بۆیە مەسەلەکە لەوە ئەولاترە، یەکێتی لە پشت ئەو نامیلکەیەوە شتێکی تر ئەبینێ، کە ئەویش هێزێکی جەماوەری، بەرەیەکی یەکسانیخواز و مۆدێرنە، بۆیە شەڕی یەکێتی لەگەڵ خودی ئەو نامیلکەیەدا نییە، بەڵکوو شەڕیان لەگەڵ بزووتنەوە و هێزێکە کە ئەو نامیلکەیەیان کردۆتە سەرلەوحەی تێکۆشانیان. یەکێتی نیشتیمانی ئەم بزووتنەوەیە بە خەتەر ئەزانێت و بەناوی خەتەر بۆ کۆمەڵگای کوردستان قسەی لێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەكات. بەلاّم مەعلومە, ئەوان مەبەستیان لە كام بەرە و لە كام توێژ و بەشی كۆمەڵی كوردستانە, كە دیارە بەرەی كۆنە پەرست و توێژە دارا و دەوڵەمەندەكانن, كە حیزبەكەیان نوێنەر و پارێزەری بەرژەوەندییانە.

بەڵێ! بۆرژوازی و دارا و دەوڵەمەندان لە تەواوی دنیادا, قازانجیان لە ناكۆكیخستنەوە لە نێوان ژنان و پیاواندا, كردووە. بە كەمبوونەوەی قەڵشتی نێوان ئەم دوو جنسەی مرۆڤ, قازانج و بەرژەوەندی ئەوانیش كەم ئەبێتەوە.

یەكێتی نیشتیمانی كوردستان و خودی جەلال تاڵەبانی, لە (8)ی مارسی ساڵی پاردا, وەك كەسێكی یەكسانیخواز و داكۆكیكەر لە مافەكانی ژنان خۆی ئەناساند و بۆ گۆڕینی قانوونەكانی ئەحوالی شەخسی داوای لائیحە و ئەلتەرناتیڤی ئەكرد! بەلاّم ئەمساڵ بە پێچەوانەوە, حیزبی كۆمۆنیست كە ئەلتەرناتیڤی قانوونەكانی تەرح كردووە, بە جەریمە بۆی بە حیساب دێت و بەوهۆیەوە ئەبێ دادگایی بكرێت! ئایا لەم حاڵەتەدا دەعوای وەكیلی وەزیری ناوخۆی (حكومەتی هەرێم), هەردوولامان, یانی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری و شەخسی جەلال تاڵەبانی ناگرێتەوە؟! تۆ بڵێی نوسخەیەك لەو دەعوایەش بۆ ئەو چووبێت؟! بە تایبەت كە زانیومانە مەحكەمەی حكومەتی هەرێم, مەحكەمەیەكی سەربەخۆیە و سەر بە یەكێتی نیشتیمانی كوردستان نییە؟!

جەلال تاڵەبانی لە ساڵی پاردا, بۆئەوەی خەباتی پڕ لە شانازی ڕێكخراوی سەربەخۆ و حیزبی كۆمۆنیست و گشت یەكسانیخوازان كاڵ بكاتەوە, وەیان بە خەیاڵی ئیحتیواكردنی, وای پیشان ئەدا كە گوایە هێشتا ژنان بۆ مافەكانی خۆیان نەهاتوونەتە مەیدان و ئەیویست خۆی وا پشان بدات كە دەستپێشكەرە لەم مەیدانەدا, وەعزی دەدا و دەیگووت, با ژنان لە پێناوی مافەكانیان لە دەوری یەكتر كۆوە بن و بزووتنەوەیەك بەرپا بكەن! تەنانەت كار بەوە گەییشت كە ماڵەكەی خۆی, وەك سەنتەری پارێزگاری لە ژنان ئیعلان بكات!

ئەبێ لە نەزەری جەلال تاڵەبانیدا, ئەو هاتنەمەیدانەی ژنان بۆچی بێت؟ وە لە پێناوی چ مافێكدا بێت؟

لای هەمووكەس ئاشكرایە كە بزووتنەوەی ژنان و هاتنەمەیدانیان بۆ ئیعتیرازە لەبەرامبەر هەلومەرجێك, كە تیایدا ژنان نابەرابەر و نایەكسانن لەگەڵ پیاواندا, بۆئەوەیە كە وەك مرۆڤ چاویان لێ بكرێت نەك كەمتر. ئەوەش ئاشكرایە ئەم بزووتنەوەیە و ئەم ئامانجە, بە تەواوەتی و پڕاوپڕ ناكۆكە لەگەڵ یاسا و شەریعەتی داڕزیوی ئیسلام, كە هی زیاتر لە (1400) ساڵ لەمەوبەرە و قانوونی خێڵ و تیرەكانی مەككە و بانی نەجدە.

ئەگەر ئێمە ئەڵێین ژنان و پیاوان ئەبێ مافی بەرابەریان هەبێت, ئیسلام ئەڵێت نەخێر ئەمە دژی فەرموودەی خودایە, چونكە خودا پیاوی بەسەر ژناندا فەزڵ كردووە! ئەگەر ئێمە ئەڵێین زەواج ڕێكەوتنێكی ئازادانەی نێوان ژن و پیاوە, ئیسلام ئەڵێت نەخێر (وەلی ئەمر) بۆی هەیە كچە بە شوو بدات, تەنانەت لە كاتێكدا كە هێشتا كچە منداڵیشە و ناتوانێت بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات. ئەگەر ئەڵێین بۆئەوەی ژن نەبێتە كۆیلەی پیاو, پیاو بە ئارەزووی خۆی لە دۆزەخدا نەیسووتێنێ, وە هەركاتێك ژن ویستی كۆتایی بە ژیانی پێكەوەیی, كە تیایدا مورتاح نییە بهێنێت, هەروەكوو چۆن پیاو بۆی هەیە, ئیسلام ئەڵێ نەخێر ئەمە پێچەوانەی ئەحكامی ئیلاهییە و ژن كەمئەقڵە و نابێت ئەو مافەی هەبێت. ئەگەر ئەڵێین لێدان و كوتەككاری لەژنان مەمنوعە و كارێكی نائینسانی و وەحشییەتە, ئیسلام ئەڵێت نەخێر ژنان سەرچاوەی فیتنە و فەسادن, لێدان بەر بە ئاشووبی ئەوان ئەگرێ. ئەگەر ئێمە ئەڵێین پیاو بۆی نییە لەیەك كاتدا ژنێك زیاتری هەبێت و كارێكی دزێو و نائینسانییە! ئیسلام ئەڵێت ژن بە هەر ژمارەیەك بێت بۆ پیاوان حەلاڵە, ئەمە بەخششی خودایە بۆ پیاوان, مەمنوعییەتی چەندژنە لە دژی حوكمی قورئان و فەرموودەی خودایە. ئەگەر ئەڵێین ژنان مافی چوونەدەرەوە و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کارکردنیان هەیە, ئیسلام ئەڵێت کاری ژنان کاری ناو ماڵە و بەخێوکردنی منداڵە بۆ مێردەکەی, کاری منداڵبەخێوکردنیش کارێکی زۆر پیرۆز و گەورەیە!
بەڵێ بەم شێوەیە ئەبینین کە چۆن بزووتنەوەی ناڕەزایەتی_ یەکسانیخوازی ژنان بەتەواوی لە دژی ڕەووشت و یاسای خێڵەکیی ئیسلامە.
جا کاتێك جەلال تاڵەبانی بەناوی ئەوەی کە کۆمەڵی کوردستان کۆمەڵێکی ئیسلامییە و ئەلتەرناتیڤی ئێمە بە خەتەر دائەنێ بۆ ئەم کۆمەڵگایە, یانی جێبەجێکردنی ئەو هەموو یاسا کۆن و داڕزیو و دژەژنەی کە باسمان کرد.
بەڵێ! کاتێك ئایەتوڵا تاڵەبانی ئەمڕۆ و سۆسیال_ دیموکرات و عەلمانی و مۆدێرنی دوێنێ, لەبەرامبەر ئێمەدا ئەوەستێتەوە و دۆستایەتی خۆی بۆ بزووتنەوە ئیسلامییەکان ڕائەگەیەنێ, ئەبێ بزانێت ئەمە یانی چی و ئەبێ بزانێت لە کوێی کۆمەڵدا قەراری گرتووە, وە پەیام و فەرماییشی کێ بەجێ ئەگەیەنێت؟!
سەردەمێ بوو قەشە و پاپا و کەنیسەکان, گەلێك پێستر لە ئێستای ئێران و ئەفغانستان حوکمی ئیلاهییان لە ئەورووپا نوێنەرایەتی ئەکرد و فەرمانی خودایان لەبەرامبەر ژناندا, بە ئەشکەنجە و زیندانی و کوشتوبڕ بەجێ ئەگەیاند, برای گیانی بە گیانی ئاغا و فیئوداڵەکان بوون لە حوکمڕانیدا! بەڵام لەگەڵ ڕاپەڕین و هەستان و شۆڕشدا, تەختوتاراجیان هێنرایە خوارەوە, دەستی دینیش لە دەوڵەت کۆتا کرا و وەکوو کاری شەخسی ئینسانەکان چاوی لێ کرا, هەروەکوو چۆن تلیاك وەك کاری شەخسی ئینسانەکان چاوی لێ دەکرێ و ئەو کەسە خۆی زەرەرمەند دەبێت, بەڵام تاجرانی ئەم کارە بە موجریم لەقەڵەم دەدرێن!
ئەوەتا هەرئێستا باڵی بەناو ڕیفۆرمیستی ئێران, لە ترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی ئیلاهییان لەسەر زەوی, وە لەژێر فشاری بزووتنەوەی ڕادیکاڵ و ئازادیخواز و یەکسانیخوازی ئێراندا, باس لە ئاڵوگۆڕ ئەکەن و ئەو حوکمانەی هەتا دوێنێ بەناوی خودا و قورئان و ئیمامی ئوممەتەوە, وەك یاسای موقەدەسی لەئاڵوگۆڕنەهاتوو باسی لێ ئەکرا, وا خەریکە بۆی شل ئەبن و لە فکری ئاڵوگۆڕدان.
بەڕاستی ئەگەر ئیفلاسی و بێئومێدی نەبێت هیچی تر نییە, کە جەلال تاڵەبانی باشترین دۆستی خۆی لەمڕۆدا, بە جروجانەوەری سەدەکانی ناوەڕاست ئەزانێت, کە ئەمڕۆ نا سبەی, خەڵکی ئازادیخوازی ئێران, بۆ دواجار ئەچنە سەر سنگیان!
مرۆڤ نابێت ئەوەندەش بێئینساف بێت, چونکە جەلال تاڵەبانی سەرباری ئەم قسانەی, هەر ئەمساڵیش ئەوەی دووپات کردەوە کە دیفاع لە مافەکانی ژنان ئەکات, بەڵام (مافە ڕەواکانیان!), یانی لەگەڵ پاردا جیاوازییەکەی ئەوەیە, کە ساڵی پار دیفاعی لە مافەکانی ژنان ئەکرد بە ڕەوا و ناڕەوایەوە, بەڵام ئەمساڵ تەنها لە مافە ڕەواکانیان دیفاع ئەکات!
خۆ ئەگەر جەلال تاڵەبانی ئیجازە بدات, ئەپرسین: مافی ڕەوا و ناڕەوا یانی چی؟! بێگومان ئەگەر ئەو باسی کۆمەڵی ئیسلامی و شەریعەتی ئیسلام و دۆستایەتی ئەحزابی ئیسلامیمان بۆ بکات, ڕۆشنە کە مەبەستی لەو مافانە یانی: پێویستە ژن بە فەرمانی پیاو بجووڵێتەوە, هەڵسوکەوت بکات, پەیوەندی بگرێت, بچێتە دەرەوە, جل بپۆشێت, مناڵ بەخێو بکات...هتد. خۆئەگەر لەمانەدا لە فەرمانی پیاو لایدا, بە گوێرەی ڕا و ئەزەری خۆی دەخاڵەتی کرد, وەیان پێی چاك نەبوو, جێبەجێی نەکرد, ئەوا پیاوەکە بۆی هەیە لۆمەی بکات, لەگەڵێدا نەخەوێت, دارکاری بکات. لەم کاتەدا جەلال تاڵەبانی دیفاع لەم ژنانە ناکات, چونکە ئەم مافە ڕەوا نییە!



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەگەر ژن کێڵگەی پیاو بێت, وە بە هەرشێوەیەك پیاو ئارەزوو بکات, بچێتەسەر کێڵگەکەی, لەوکاتەدا ژن ئەگەر ئەو ئامادەییەی نەبێت, بەو ئیختیسابە ڕازی نەبێت... ئەوا لەم کاتەدا جەلال تاڵەبانی دیفاع لەم ژنانە ناکات, چونکە ئەم مافە ڕەوا نییە!

ئەگەر کچ لەلایەن باوك و براوە, بە پێچەوانەی مەیلی خۆی بە شوو درا و کچە ناڕازی بێت, وەیان ژنێك بە مێردەکەی مورتاح نەبێت, بیەوێت جیابێتەوە و خۆی بڕیار بدات, نەك هەرکاتێك کە پیاوەکە بیەوێت, ئەوا جەلال تاڵەبانی دیفاع لەم ژنانە ناکات چونکە ئەم مافانە ڕەوا نییە!

ئەمانە ئەڵێن کۆمەڵی کوردستان ئیسلامییە! ئەگەر کۆمەڵگای کوردستان قبوڵیان بێت بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی تیرە و قەبیلەکانی مەککە و جەزیرە, ئەوا ڕاستە ئەم کۆمەڵە ئیسلامییە! ئێمە پرسیار لە جەلال تاڵەبانی ئەکەین, ئەگەر لەسەردەمی تیرە و قەبیلەکانی (1400) ساڵی پێش ئێستای جەزیرەی عەرەبی, پیاوەتی پیاو بەوە بووبێت, کە ژمارەی ژنەکانی چەند بووبێت, ئەوا ئێستا و لە کوردستاندا, نەك هەر پیاوەتی و شانازی نییە, بەڵکوو عەیب و شەرمەزارییە!

کەمن ژمارەی ئەو کچ و کوڕانەی کە عەشق و خۆشەویستی ئەکەن و ئەیانەوێ خۆیان هاوسەری ژیانی خۆیان, چارەنووس و دواڕۆژی خۆیان, خۆیان دیاری بکەن؟! بڕواننە مەدرەسە و پەیمانگا و زانکۆکان, بڕواننە دائیرە و کارگە و کارخانەکان, بڕواننە کۆڕی خانەوادەکان... کە چۆن پیاو و ژن بەشێوەی سروشتی ئینسانییان, تێکەڵاوی یەکتر ئەکەن! بڕواننە جلوبەرگ و ڕەووشت و هەڵسوکەوتی ئینسانەکان, کە چۆن شاری و مۆدێرنە!

نەخێر, کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵێکی ئیسلامی نییە, کوردستان گوندێکی دابڕاو و بێخەبەر لە دنیا نییە, کوردستان کۆمەڵگایەکی مەدەنی و هاوچەرخە, بەهەمان ئەندازەی گۆڕانی شمشێر بۆ کاتیوشا, کوردستانیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەوە بەرژەوەندی چینایەتی یەکێتی نیشتیمانی و دۆستایەتی ئەوانە لەگەڵ جمهوری ئیسلامی و ڕەوتە کۆنە پەرستە ئیسلامییەکان, کە دەخوازێت ڕوخساری ئەم کۆمەڵە بگۆڕن و ئەو ئیدیعایانە بکەن, وە بەر بە ڕەوتی یەکسانیخواز و ڕوولە پێشی کۆمەڵ بگرن.

بەڵام مێژووی بەشەرییەت هەزاران جار ئیسپاتی کردووە, کە ڕەوتی ڕوولەپێشی کۆمەڵ, گشت ئەو هێزانە ڕائەماڵێ, کە دەیەوێ پێشی پێ بگرێ, وە لەسەر وێرانەی ئەوان, دنیای نوێ, ژیانی نوێ بنیات ئەنێ!

2000/3/29



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com